# هەنگاوەكانی تەڵاق لە قورئانی پیرۆزدا

[ كردي – كوردی – kurdish ]


ئامادەكردنی: تاریق مەلا تاهیر

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز



١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( خطوات الطلاق في القرآن الكريم )

« باللغة الكوردية »

إعداد: طارق ملا طاهر

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# هەنگاوەکانی تەڵاق لە قورئانی پیرۆزدا

ئایینی پیرۆزی ئیسلام زۆر گرنگی بە پەیوەندی خێزان و پەروەردەکردن داوە، لەسەر بنەمای خۆشەویستی و کامەرانی و ئاسوودەیی و بەزەیی، هەر بۆیە خودا دەفەرموێ: ﴿ومن آياته أن خلق لكم من أنفسكم أزواجا لتسكنوا إليها وجعل بينكم مودة ورحمة إن في ذلك لآيات لقوم يتفكرون﴾{الروم: ٢١}،واتە: هەر لە نیشانەکانی دەسەڵاتی خوای گەورە، ئەوەیە لە خۆتان نێرو مێی دروست کردووە، بۆ ئەوەی پێکەوە بحەسێنەوە و خۆشەویستی و بەزەیی خستۆتە ناوتان، لەمەدا بەڵگە زۆرن بۆ ئەو کەسانەی کە بیربکەنەوە و بەووردی سەرنج بدەن.

دیاردەی تەڵاقدان بەداخەوە لەناو گەلی کوردا بەشێوەیەکی زۆر بڵاوبویتەوە و روو لەزیاد بووندایە، زۆربەشی لە سەرەتادا چەند کێشەیەکی بچووکە لەناو خێزان سەر هەڵدەدا، پاشان لە جیاتی ئەوەی کێشەکە چارەسەر بکەن و ئاشت ببنەوە و یەکتری قەبوول بکەن، یەکسەر پیاوەکە پەنا دەبا بۆ تەڵاق و ژیانی خۆیان تێك دەدەن، لە ئەنجامیشدا بە پلەی یەکەم بە زیانی منداڵەکان تەواو دەبێ، کە هیچ تاوانیان نیەو دەبنە قوربانی رەفتاری چەوتی ژن و مێردەکە، جا بۆ ئەوەی پەیوەندی خێزان بەهێز بێت و تێك نەچێت، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا چەند قۆناغێك و هەنگاوێکی داناوە بۆ تەڵاق، بۆ ئەوەی موسڵمانان لە ژیانی خۆیاندا کاری پێبکەن و لەسەری برۆن، ئەگەر ئەو قۆناغ و هەنگاوانە جێبەجێ بکەن، بێگومان رێژەی تەڵاق زۆر کەم دەبێتەوە، بەمەش زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی و کێشەی خێزانی چارەسەر دەبێ.

لە راستیدا ئێمە بەهۆی دوورکەوتنەوەمان لە قورئانی پیرۆزدا تووشی چەندەها کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی بووینە، رۆژ بە رۆژ ئەم کێشانە لە زیادبووندایە، چارەو دەرمانمان تەنها گەرانەوەیە بۆ قورئانی پیرۆز، کە چارەسەری گشت نەخۆشیەکان دەکا.

بەڵێ / بۆ چارەسەری هەندێك لە کێشەکانی خێزان خوای گەورە لە قورئاندا هەشت هەنگاوی داناوە بۆ تەڵاق بۆ ئەوەی پەلە نەکرێ و سستی بکرێ، چونکە زۆر جاران پەشێمان دەبنەوە و بە یەکتری رازی دەبن.

هەنگاوی یەکەم: ئامۆژگاری

خوای گەورە لە قورئاندا فەرمان بە پیاوەکان دەکا ـ لەو کاتەی کە خێزانەکانیان بە قسەیان ناکەن، یان ناکۆکی و کێشەیان دەبێ و لە یەکتری تووڕە دەبن ـ ئامۆژگاری خێزانەکانیان بکەن بە شێوازێکی جوان و هەڵەکانیان بۆ راست بکەنەوە، هەروەکو دەفەرموێ: ﴿ واللاتي تخـافون نشـوزهن فعظـوهن... ﴾، ئەو ئامۆژگاری کردنە یەکەم هەنگاوی تەڵاقە، یەکەم ئەرکە لەسەر پیاوەکە، بەڵام ئامۆژگاریش شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، نابێ بەناوی ئامۆژگاری کەسایەتی ئافرەتەکە لەکەدار بکات و جوێنی پێبدات و بەخۆیدا

بیشکێنێتەوە، وا باشە بۆ ئەوەی ئامۆژگاریەکانی لە جێگای خۆیدا بێت و سوود بەخش بێ، بەنهێنی قسەی لەگەڵدا بکات و ئامۆژگاری بکا، نەك هەر شتێك لە نێوانیان روویدا یەکسەر هەموو خەڵکی لێ ئاگادار بکا، ئەمە شتێکی خراپە، دەبێتە مایەی تێك چوونی پەیوەندی نێوانیان.

هەندێك ئافرەت هەیە بەقسەی نەرم و نیان و ئامۆژگاری کردن چاك دەبێ، کەواتە چ پێویست دەکا پیاوەکە پەنا ببا بۆ شتێکی ترو توندو تیژی لەگەڵ بەکار بێنێ، لێرەشدا پێویستە ئافرەتەکان بەقسەی مێردەکانیان بکەن، لە چوار چێوەی شەرعدا، نەك بەقسەی یەکێك لە خزمەکانی بکات و ژیانی خۆی تێك بدا، هەروەها نابێ پیاوەکەش تەنها بۆ رەزامەندی دایکی یان خوشکی یان یەکێك لە خزمەکانی خێزانەکەی تەڵاق بدات، لە کاتێکدا کە خێزانەکەی هیچ تاوانی نەبێ، یان تاوانەکی بچووکی هەبێ.

ئینجا هەندێ جار ئەم قۆناغە سوودی نیە، ئافرەتی وا هەیە لەخۆبایی دەبێ بەجوانی یان بەماڵ و سامانی یان بە شتی تر، بۆیە پیاوەکە دەبێ هەنگاوی دووەم بگرێتە بەر.

هەنگاوی دووەم: ﴿ واهجروهن في المضاجع ... ﴾

واتە: لەناو جێگاکە لێیان جیا ببنەوە و لەگەڵیان جووت مەبن، ئەوەش سزایەکی دەروونیە بۆ ئەوەی ئافرەتەکە هەست بەوەی بکا کە پیاوەکەی لە گەڵی کۆنابتەوە، چونکە بەهۆی کۆبونەوەیان خۆشەویستی و بەزەیی دروست دەبێ، جا ئافرەتەکە بۆ ئەوەی بزانێ کە بێبەش دەبێ لەمە، بەڵام بۆ بەکار هێنانی ئەم قۆناغە دەبێ پیاوەکە رەچاوی ئەم خاڵانە بکات:

١. دەبێ ئەم جیابونەوە و وازهێنانە تەنها لەناو جێگایان بێت، واتە: نابێ نانی لەگەڵ نەخوات و لەماڵ دەری بکاتە دەرەوە.

٢. دەبێ منداڵەکان بەمە نەزانن، و تەنها ئەم وازهێنانە لەنێوان ژن و مێردەکەدا بێت، چونکە ئەگەر منداڵەکان بەمە بزانن کاریگەری خراپی دەبێ لەسەر رەوشت و پەروەردەکردنیان.

٣. نابێ بە هەنجەتی ئەمە رێزو کەسایەتی ئافرەتەکە کەم بکاتەوە، چونکە دەبێ مەبەستی ئەوەبێ ئافرەتەکە چاك بکا، نەك ریسوای بکا.

لێرەدا ئافرەتیش بە پێی شەریعەتی ئیسلام دەتوانێ یان پێویستە لەسەری لەناو جێگا لە پیاوەکەی جیابێتەوە و خۆبەدەستەوە نەدا لە کاتێك ئەگەر پیاوەکەی ویستی لەپشتەوە لەگەڵی جوتبێ، یان لە کاتی خوێنی حەیزو نیفاس بیەوێ لە گەڵی جووتبێ، چونکە پێغەمبەر ((درودی خوای لەسەر بێت)) دەفەرموێ: (( نەفرەتی خودا لەو کەسە بێ کە لەپشتەوە لەگەڵ خێزانەکەی جووت دەبێ ))[1]، مەگەر کەسەکە نەزانێ حەرامە.

ئینجا ئەگەر ئەم هەنگاوەش شکستی هێناو سوودی نەبوو، هەنگاوی سێیەم بگرێتە بەر.

هەنگاوی سێیەم: ﴿ واضربوهن ﴾

واتە: لێیان بدەن، ئەم لێدانەش لەبەر ئەوە داندراوە، چونکە پیاوەکە لەبەردەم سێ شتدایە: یەکەم: یان

---

[1] رواه أبو داود ٦٥٥/١، (٢١٦٢)، وأحمد ٤٤٤/٢، (٩٧٣١)، والدارمي ٢٧٥/١، (١١٣٥) وغيرهم وهو حديث حسن.

ئەوەتا پەنا بباتە بەر دادگا، ئەوەش نهێنی خێزانەکە ئاشکرا دەبێت و باش نیە، دووەم: خێزانەکەی تەڵاق بدا، ئەوەش باش نیە، چونکە پەیوەندی خێزان تێك دەچێ، سێیەم: لێدان بەکار بێنێ، کە لاشەی ئازار نەدات و لە دەم و چاو و شوێنی مەترسی نەدا، ئەو جۆرە لێدانەش هەرچەندە شەرع بە پەسندی نازانێ، بەڵام ئەوەیە لە دووەکەی تر باشترە و (أهون الشرين) ە، هەڵبژاردنی سوکترین خراپەیە.

جا هەندێ کەس بە نەزانی لەم لێدانە حاڵی بووە، بۆیە پێی وایە ئەمە هەڵبژاردنێکی باش نیە و جۆرێکە لە توندو تیژی دژ بە ژنان، لە وەڵامدا دەڵێین:

راستە لێدان شتێکی باش نیە و ئافرەت پێی چاك نابێ، وە ئەم هەنگاوەش بۆ ئەوە دانەندراوە پیاوەکان شەڕو جەنگ لەگەڵ خێزانەکانیان بکەن و لاشەیان بریندار بکەن و جاری واش هەیە توندو تیژیەکە زیاد دەبێت و دەبێتە مایەی کوشتنی ئافرەتەکە، ئەوە لە ئیسلامدا نیەو دژی ئیسلامە، پێغەمبەر ((درودی خوای لەسەر بێت)) بەهیچ شێوەیەك لە خێزانەکانی نەداوە، وە زۆری پێناخۆشبووە کە پیاوەکان لە خێزانیان بدەن و زەبرو زەنگ بەکار بێنن، دەفەرموێ: ( لە ئافرەتەکانتان مەدەن، ئەوانەی لە ژنەکانیان دەدەن پیاو چاك نینە و رەوشتیان باش نیە )[٢]، واتە: رەوشتیان خراپەو پیاو خراپن، وە دەفەرموێ: ( چاکترینتان ئەو کەسەیە کە لەگەڵ خێزانی باش بێت، وە من لە هەمووتان باشترم بەرامبەر بە خێزانەکانم )[٣].

دیسان ئەمجارە بۆ بەرز راگرتنی ئافرەتان دەفەرموێ: ( ئافرەتان تەواوکەری پیاوەکانن )[٤].

کەواتە: ئەو لێدانەی کە لە قورئاندا هاتووە، ئەو لێدانە نیە کە هەندێ کەس تێی گەیشتووە.

ئینجا ئەگەر ئەم هەنگاوەش سوودی نەبوو، هەنگاوی چوارەم دێتە پێش.

هەنگاوی چوارەم: سولح و رێکەوتن

قورئان فەرمان بە ژن و مێردەکان دەکا بۆ ئاشت بوونەوە و رێکەوتن هەرکاتێك ناکۆکی و ئاژاوەیان لە نێواندا روویدا، هەروەکو دەفەرموێ: ﴿ وإن امرأة خافت من بعلها نشوزاً أو إعراضاً فلا جناح عليهما أن يصلحا بينهما صلحاً والصلح خير... ﴾[٥]، واتە: ئەگەر ئافرەتێك هەستی بەوەکردو زانی کە مێردەکەی یاغی بووە و پشتی تێدەکاو رووی لێ وەردەگێڕێ، ئەوە تاوانبار نابن ئەگەر رێکەوتن لە نێوانیان بکەن و ئاشت ببنەوە، چونکە ئەو رێکەوتنە چاکترە و سوودی زیاترە.

بەڵێ / پێش ئەوەی کێشەکەیان گەورە بێت و ئافرەتەکە تەڵاق بدرێت و پەیوەندی خێزانەکە تێك بچێ، با پێکەوە دابنیشن و کێشەکەیان چارەسەر بکەن و رێکەوتن بکەن و ئاشت ببنەوە، پیاوەکانیش دەبێ ئارام بگرن و پەنا نەبەن بۆ تەڵاق لەکاتی روودانی کێشەیەکدا، هەر بۆیە خوای گەورە فەرمان بە پیاوەکان دەکا

---

[٢] رواه الدارمي ١٩٨/٢، (٢٢١٩)، وابن حبان ٤٩٩/٩، (٤١٨٩)، والحاكم ٢٠٥/٢، (٢٧٦٥)، والبيهقي في المعجم الكبير ٢٧٠/١، (٧٨٤) وغيرهم وهو حديث صحيح.

[٣] رواه الترمذي ٧٠٩/٥، (٣٨٩٥)، وابن ماجة ٦٣٦/١، (١٩٧٧)، والدارمي ٢١٢/٢، (٢٢٦٠)، وابن حبان ٤٨٤/٩، (٤١٧٧)، والطبراني في المعجم الكبير ٣٦٣/١٩، (٨٥٣) وغيرهم وهو حديث صحيح.

[٤] رواه أبو داود ١١١/١، (٢٣٦)، وأحمد ٢٥٦/٦، (٢٦٢٣٨)، والبيهقي في سنن البيهقي الكبرى ١٦٨/١، (٧٦٧).

[٥] النساء: ١٢٨.

که هەڵس و کەوت و مامەڵەیان جوانبێ بەرامبەر بە خێزانیان، دەفەرموێ: ﴿... وعاشروهن بالمعروف فإن كرهتموهن فعسى أن تكرهوا شيئا ويجعل الله فيه خيراً كثيراً﴾[٦]، واتە: لەگەڵ ژنەکان بە جوانترین شێوە بجولێنەوە، ئەگەر لەبەر شتێك رقتان لێ بوونەوە و خۆشتان نەویستن، ئارام بگرن لەسەر ناخۆشیەکاندا، چونکە شتی وا هەن ئێوە حەزی لێ نەکەن، بەڵام لە لایەن خوداوە چاکەی زۆری بۆ ئێوە تێدا بێ.

ئینجا ژن و مێردەکە هەندێ جار لە جیاتی ئەوەی هەوڵی چارەسەری گرفتەکەیان بدەن، کەچی یەکتری تاوانبار دەکەن، بەمەش کێشەکە ئاڵۆزتر دەبێ، بۆیە لەم حاڵەتەدا هەنگاوی پێنجەم دێتە پێش کە بریتیە لە ناوبژیوان.

هەنگاوی پێنجەم: ناوبژیوان (التحكيم)

لەو کاتەی کە ناکۆکی لە نێوان ژن و مێردا دروست دەبێ، پێویستە ناوبژیوانێك هەبێ یارمەتیان بدات و کێشەکەیان چارەسەر بکات، هەروەکو خودا دەفەرموێ: ﴿ وإن خفتم شقاق بينهما فابعثوا حكماً من أهله وحكماً من أهلها إن يريدا إصلاحا يوفق الله بينهما إن الله كان عليماً خبيراً﴾[٧]، واتە: ئەگەر ترسان ژن و مێردێك ناکۆکن و لەگەڵ یەکتریدا ناحەوێنەوە، ئەوە ناوبژیوانێك بگرن لە کەس و کاری پیاوەکەو ناوبژیوانێك لە کەس و کاری ژنەکە، ئەوانە ئەگەر مەبەستیان رێکەوتن و ئاشت بوونەوە بێ، خودا پێکیان دێنێتەوە، وە خودا زاناو ئاگادارە.

وە لەو کاتەی کە ناوبژیوان دەگرن، پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانە بکەن:

١. ئەو ناوبژیوانەی لە کەس و کاری ژن و پیاوەکە، دەبێ کاریگەری هەبێ لەسەریان، واتە: هەر دوولا بەناوبژیوانەکە رازی بن.
٢. دەبێ دوو ناوبژیوانەکە دادپەروەربن و شارەزای کێشەی خێزانەکە بن.
٣. ئەگەر کرا ناوبژیوانەکە لە خزمی یەکتر بن، چونکە خزم باشتر شارەزای کێشەی خێزانەکەیە، بەڵام ئەگەر خزمیان نەبوو، یان خزمی وایان نەبوو کە ببێتە ناوبژیوان، ئەوکات سوننەتە دراوسێکانیان بەم کارە هەستن.
٤. دەبێ هەردوو ناوبژیوانەکە مەبەستیان چاکەو رێکەوتن بێ، نەك پشتگیری لەخراپە بکەن و جیاوازی بکەن لە نێوانیاندا.
٥. پێویستە ناوبژیوانەکان لەگەڵ ژن و مێردەکەدا لە کەش و هەوایەکی ئارام و جێگیر دابنیشن و گفت و گۆیان لەگەڵ بکەن و لە یەکتریان نزیك بکەنەوە.
٦. ئینجا راپۆرتی خۆیان بە راستگۆیانە بەرز بکەنەوە و دەست نیشانی هۆکارەکانی ناکۆکی نێوان ژن و مێردەکە و لایەنی تاوانبار و کەمتەر خەم دیاری بکەن.

ئینجا ئەگەر ئەم قۆناغەش سوودی نەبوو، هەوڵی ناوبژیوانەکان بێ ئاکام دەرچوو، هەنگاوی شەشەم

---

[٦] النساء: ١٩.
[٧] النساء: ٣٥.

دێتە پێش کە تەڵاقە.

**هەنگاوی شەشەم: تەڵاقدان بەیەك تەڵاق**

هەرچەندە ئایینی پیرۆزی ئیسلام تەڵاقی بە شتێکی ناپەسند دەزانێ، بەڵام لێرەدا حاڵەتەکە ناچاریە و چارەسەری ترمان نیە، بۆیە پیاوەکە ئەگەر ناچاربوو ووشەی تەڵاق بەکاربێنێ، با بەیەك تەڵاق خێزانەکەی تەڵاق بدا، کە پێی دەگوترێ تەڵاقی رەجعی، جا هەر کاتێك بە یەك تەڵاق یان بە دوو تەڵاق خێزانەکەی تەڵاق دا لە دوای گواستنەوەی، ئەوە دەتوانێ خێزانەکەی بگەڕێنێتەوە ژێر نیکاحی خۆی، بە مارەبڕینی پێشوو، واتە پێویست بە مارەکردنەوەی نوێ ناکاتەوە، ئەگەر هاتوو ژنەکە عیددەی کۆتایی نەهاتبوو، کە عیددەکەیان سێ پاکیە یان سێ حەیز ببینن، خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿ ... وبعولتهن أحق بردهن في ذلك إن أرادوا إصلاحا... ﴾[8]، واتە: مێردەکانیان شیاوترن بۆ ئەوەی ژنەکانیان بهێننەوە، ئەگەر بیانەوێ رێك کەون.

هەروەها پێغەمبەر ((درودی خوای لەسەر بێت)) خاتوو (حفصــة) ی تەڵاق دا بە تەڵاقی رەجعی، پاشان گەڕاندیەوە ژێر نیکاحی خۆی[9].

شێوەی گەڕاندەوەکەش ئەوەیە: بە ئافرەتەکە بڵێ تۆم گەڕاندەوە ژێر نیکاحی خۆم، وە سوننەتە شایەتیش بگرێ بۆ گەڕاندنەوەی خێزانی، هەندێك لە زانایان دەڵێن: ئەم شایەتیە واجبە، بۆ ئەوەی دوور بێت لە گومانی خراپ، هەروەکو خودا دەفەرموێ: ﴿ وأشهدوا ذوي عدل منكم... ﴾[10]، واتە: دوو شایەتی دادپەروەر بگرن.

ئینجا کە خێزانەکەی گەڕاندەوە لای خۆی، ئەگەر یەك تەڵاقی دابوو، ئەوە دوو تەڵاقی دەمێنێ، وە ئەگەر دوو تەڵاقی دابوو، ئەوە یەك تەڵاقی دەمێنێ، بەڵام ئەگەر هاتوو خێزانەکەی نەگەڕاندەوە تا عیددەکەی کۆتایی هات، کە سێ مانگ و هەندەکە، ئەوە تەنها دەبێ بە مارەکردنەکی نوێ ژنەکەی بهێنێتەوە، وەکو مێردەکی نوێ، بۆیە پیاوەکان دەبێ ئاگایان لەمە بێت و پێش کۆتایی عیددەکە ژنەکانیان بگەڕێننەوە.

ئینجا لەو کاتەدا کە پیاوەکە دەیەوێ ژنەکەی بهێنێتەوە، وەلی ئەمری ژنەکە یان برای بۆیان نیە رێگری بکەن و ژنەکە نەدەنەوە، هەروەکو خودا دەفەرموێ: ﴿ وإذا طلقتم النساء فبلغن أجلهن فلا تعضلوهن أن ينكحن أزواجهن إذا تراضوا بينهم بالمعروف ﴾[11]، واتە: هەر کاتێك ژنەکانتان تەڵاقدا، نزیك بوو عیددەکەیان کۆتایی بێ، ئێوە ئەی باوکی ژنەکان یان برایان رێگری مەکەن و مەبنە بەرهەڵستی شوکردنیان و ژنەکە قەدەغە مەکەن لە چوونەوەی بۆ لای مێردی، ئەگەر لە نێوان خۆیان رازی بوون و رێکەوتبوون.

---

(8) البقرة: ٢٢٨.

(9) رواه أبو داود ٦٩٥/١، (٢٢٨٣)، والنسائي ٢١٣/٦، (٣٥٦٠)، وابن ماجة ٦٥٠/١، (٢٠١٦)، وأحمد ٤٧٨/٣، (١٥٩٦٦)، والدارمي ٢١٤/٢، (٢٢٦٥)، وابن حبان ١٠٠/١٠، (٤٢٧٥)، والحاكم ٢١٥/٢، (٢٧٩٧) وغيرهم وهو حديث صحيح.

(10) الطلاق: ٢.

(11) البقرة: ٢٣٢.

**وە پیاوەکە کاتێك کە خێزانی تەڵاق دەدا، دەبێ کاتەکە دیاری بکا، هەروەکو خودا دەفەرموێ:** ﴿ يا أيها النبي إذا طلقتم النساء فطلقوهن لعدتهن وأحصوا العدة... ﴾[١٢]، **واتە: ئەی پێغەمبەر** ((درودی خوای لەسەر بێت)) **ئەگەر خێزانەکانتان تەڵاقدان، ماوەیەکیان بۆ دیاری کەن و عیددەکە بژمێرن و لە بیری مەکەن.**

**سوننەتی پێغەمبەریش** ((درودی خوای لەسەر بێت)) **کاتەکانی دیاری کردووە: لەکاتی خوێنی حەیزو نیفاس، دروست نیە ئافرەت تەڵاق بدرێت، یان لە پاکیدا بێ، بەڵام لەگەڵی جووت بووبێ.**

**هەروەها نابێ ئافرەتەکە لە ماڵی خۆی دەربکا، لە کاتی تەڵاقی رەجعی، تا عیددەکەی کۆتایی دێت، وە دەبێ پێداویستیەکانی دابین بکا لە خواردن و جلوبەرگ و نیشتەجێ بوون، هەروەکو خودا دەفەرموێ:** ﴿ ... واتقوا الله ربكم لا تخرجوهن من بيوتهن ولا يخرجن إلا أن يأتين بفاحشة مبينة وتلك حدود الله ومن يتعد حدود الله فقد ظلم نفسه لا تدري لعل اللّٰهَ يحدثُ بعد ذلك أمرا ﴾[١٣]، **واتە: لە پەروەردگارتان بترسێن، لە ماڵی خۆیان دەریان مەکەن، وە ئەوانیش دەرنەچن، مەگەر بە ئاشکرا کارێکی ناڕەواو شورەیی بکەن، ئەمە سنوری خودایەو هەرکەسێك لە سنوری خودا دەرچێ، ستەمی لە خۆی کردووە، تۆ چوزانی لەوانەیە خودا لە دوای ئەمە شتی تر وەدی بێنێ.**

**ئافرەتەکەش لەبەر ئەوە نابێ دەربکرێ، بۆ ئەوەی لەو ماوەدا ئەگەر پەشێمان بوونەوە دەتوانن بگەڕێنەوە سەر ژیانی هاوسەرگیری خۆیان.**

**لێرەدا ئایینی پیرۆزی ئیسلام زۆر داکۆکی لە مافەکانی ئافرەتان دەکا، بۆ ئەوەی لە کاتی تەڵاقیش زوڵم و ستەمیان لێنەکرێت و مافەکانیان دابین بکرێ.**

**ئینجا ئەگەر پیاوەکە ژنەکەی هێنایەوە و گەڕانەوە سەر ژیانی هاوسەرگیری، بەڵام لە دواییدا دووبارە ناکۆکی و ئاژاوە سەری هەڵدایەوە، ئەوە قۆناغ و هەنگاوی حەوتەم بگرێتە بەر.**

**هەنگاوی حەوتەم: تەڵاقدان بەدوو تەڵاق**

**پیاوەکە پێویستە چاودێری و ئاگای لە هەموو ئەو شتانەبێ کە لە تەڵاقی یەکەمدا باسکرا، لە مافەکانی ژنەکەی لە نەفەقە و نیشتەجێبوون و جلوبەرگ و خواردن و دەرنەکردن لە ماڵ و دیاری کردنی عیددە و شایەت گرتن و... هتد، چونکە ئەمەش هەر تەڵاقی رەجعیە و دەتوانێ ژنەکەی بگەڕێنتەوە پێش تەواو بوونی عیددەی، جا بەم تەڵاقە دووانی دەڕواو یەکێکی دەمێنێ، ئینجا وەکو هەنگاوی شەشەم، ئەگەر ئەمەش سوودی نەبوو، هەنگاوی هەشتەم دێتە پێش.**

**هەنگاوی هەشتەم و کۆتایی: تەڵاقدانی سێ بەسێ**

**ئەمە کۆتایی هەنگاوەکانە، لەو کاتەدایە کە ژن و پیاوەکە لە یەکتری بێ ئومێد دەبن لە یەکتری، پیاوەکە لە هەنگاوی شەشەم یەك تەڵاقی داوە و لە هەنگاوی حەوتەمیش دوو تەڵاقی داوە و یەکێکی ماوە و ناکۆکی و ئاژاوەش هەر بەردەوامە، لێرەدا هەر ئەوە ماوە کە لە یەکتری جیاببنەوە، بۆیە پیاوەکە لێرەدا جاری سێیەم خێزانەکەی تەڵاقدەدا، بەمەش چەند حوکم و یاسایەك دێتە پێش:**

---

[١٢] الطلاق: ١.
[١٣] الطلاق: ١.

١. دروست نیه ژنەکە لە ماڵی مێردی بمێنێتەوە، چونکە لێرەدا لێی حەرام و قەدەغە دەبێ.
٢. دروست نیە لەو حاڵەتەدا خێزانەکەی بگەڕێنتەوە ژێر نیکاحی خۆی، نە بە رجعەت و نە بە مارەیی نوێ.
٣. ئافرەتەکە لە دوای تەواوبوونی عیددەکەیدا دەتوانێ مێرد بکاتەوە و هاوسەرێکی تر بۆ خۆی هەڵبژێرێ.
٤. بە چەند مەرجێك دەتوانێ بگەڕێتەوە لای مێردی یەکەمی:

أ- مێرد بە پیاوەکی تر بکات بە شێوەیەکی شەرعی و ئەویش بچێتە لای و لەگەڵی جوتبێ.

ب- نابێ بە رێکەوتن ئەمە بکەن، واتە: مێردی یەکەم نابێ رێکەوتن بکا لەگەڵ پیاوێك بۆ ئەوەی ژنەکەی بۆ چەند کاتێك یان چەند رۆژێك لە لابێ پاشان تەڵاقی بدا، لە کوردەواری پێی دەگوترێ: مارە بە جاش، ئەوە حەرامە و خودا نەفرەتی لێکردووە، هەروەکو پێغەمبەر ((درودی خوای لەسەر بێت)) دەفەرموێ: ((ألا أخبركم بالتيس المستعار؟، قالوا: بلى يا رسول الله، قـال: هو المحلل، لعن الله المحلل والمحلل له))[١٤]، واتە: ئایا پێتان رابگەینم و هەواڵتان پێبدەم بەو تەگەیەی کە بەکرێ گیراوە؟، گوتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا، پێغەمبەر ((درودی خوای لەسەر بێت)) فەرمووی: ئەو کەسەیە کە ژنی خوێ بۆ یەکێك دەبات و بە رێکەوتنی نێوانیان تا ماوەیەك لەلای دەبێ، ئینجا تەڵاقی دەدا بۆ ئەوەی حەڵاڵ بێت بۆ مێردی یەکەمی، خوای گەورە نەفرەتی لە هەردووکیان کردووە.

ت- بە تەڵاقدانی ژنەکە لە لای مێردی دووەم، وەکو گوتمان بەبێ رێکەوتنی نێوانیان، یان مردنی مێردی دووەم، لە دوای تەواوبوونی عیددەکەی، مێردی یەکەمی دەتوانێ مارەی بکاتەوە و بیکاتە هاوسەری خۆی بە مارەییەکی نوێ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا مێردی دووەم سەرپشکە لە تەڵاقدانی ئافرەتەکە و نابێ زۆری لێ بکرێ بۆ تەڵاقدان، جا ئەگەر ئافرەتەکەی تەڵاق نەدا، ئەوکات مێردی یەکەم دەستی بەر دەبێ و مایە پوچ دەمێنێتەوە، دەبێ چاوەڕوانی مردنی مێردی دووەم بکا، ئەوەش شتێکی بێ ئەقڵی و شێتایەتیە، چونکە مردن کاتەکەی دیار نیە، لەوانەیە ئەو پێش مێردی دووەم بمرێت.

بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کە ئەم هەشت هەنگاوەی کە داندراوە زیاتر لە دوای گواستنەوەیە، لە دوای ئەوەی کە ژن و پیاوەکە ماوەیەك ژیانی هاوسەری پێك دێنن، ئینجا ناکۆکی و ئاژاوە لە نێوانیاندا روودەدا، بەڵام هەندێ جار تەڵاق باشترین چارەسەرە بۆ جیابوونەوەی نێوان کوڕو کچێك یان ژن و مێردێك، بۆ نمونە کچێك بە بچوکی لە پیاوێك مارەکراوە یان لە یەکێك مارەکراوە و کچەکە پێی رازی نیە، لێرەدا پێویست بەم هەشت هەنگاوانە ناکا و تەڵاق و جیابوونەوە باشترین دەرمانە، جا بە خولع بێت یان ئاوا گرنگ ئەوەیە نابێ

---

[١٤] رواه ابن ماجة ٦٢٣/١، (١٩٣٦)، والحاكم ٢١٧/٢، (٢٨٠٤، ٢٨٠٥)، والدار قطني ٢٥١/٣، (٢٨)، والطبراني في المعجم الكبير ٢٩٩/١٧، (٨٢٥)، والبيهقي في سنن البيهقي الكبرى ٢٠٨/٧، (١٣٩٦٥) وقال الحاكم: هذا حديث صحيح الإسناد.

بە زۆری کچەکە بەشوو بدریٚ، یان پیاویٚك ژنێکی مارەکردووە بەڵام ئامادە نیە بیگواستەوە، جا لەبەر هەر هۆیەك بێت، یان پیاوێك چووەتە هەندەران و بۆ ماوەیەکی زۆر نەگەڕاوەتەوە و ژنەکەی بەجیٚ هێشتووە، نە ئامادەیە لە گەڵ خۆی بیبا، نە ئامادەشە بە یەکجاری بگەڕێتەوە، لەم حاڵەتانەدا ئافرەتەکە دەتوانیٚ داوای تەڵاق بکات و لە پیاوەکە جیابێتەوە.

لە کۆتاییدا بەداخەوە موسڵمانان لەسەر ئەو دەستورە جوان و ریٚك و پێکە ناڕۆن، قورئانی پیرۆز کاری پێناکریٚ لە ژیانی رۆژانەماندا، تەنها بووەتە ویردێکی تازیان و سەرقەبران.

anasgardi@yahoo.com